# پێشنیارێك بۆڕۆشنبیران و ماڵپەڕە كوردیەكان ..

## كەمال ڕەئوف

ئاشكرایە ئەمڕۆ هەموو نەتەوەیەك لەهەوڵی ئەوەدان كەدەنگ وڕەنگی خۆیان لەمیدیاكانەوە بەهەموولایەكدا پەخش بكەن و لەوێوە بوونی خۆیان بە جیاوازیەكانیانەوە ڕاگەیەنن , ئەم كارە كەبەرهەمی تیپێك لەخەڵكی ڕۆشنبیرو خەمخۆرانی پێشكەوتووخوازییە سەركەوتنی كارەكە پەیوەست دەبێتەوە بەڕادەی پێشكەوتنی بوارەكانی ڕاگەیاندن و ئاستی هوشیاری گشتیەوە، ئەمەجگەلەوەی كەئەو هەوڵانە ناتوانێت وبەئەركی سەرشانیخۆشی نازانێت كە كێشەباوەكان ودیاردەدزێوەكانی ناوخۆ كەم ڕەنگ بكاتەوە وغەفەیان بكات, بگرە زۆرجار هەرخۆشیان هەوڵی ئەوەدەدەن كێشەكان لەپەراوێزە بوون بهێننەدەرەوەو بیخەنە بەردەم ڕای گشتی تاكوبیر لەڕێگەچارەیان بكرێتەوە , ماڵپەڕە كوردیەكان بەهەموو كەمووكوڕی وشتەجوان وخراپە كانیشیانەوە بێ گومان دەبنە ئەوجێگەیەیی كەلەوێدا بەشێك لەوبەرهەمە ڕۆشنبیری وفكریانەی كەدەرهاویشتەی كۆمەڵگەی كوردین دەربكەون ، وە لە مرۆدا وەك مینبەری سەربەست و ئازاد كەبەلۆژیكی سەربەخۆ و داهێنەرانە كاردەكەن گەڵێك ئەركی گرنگی كۆمەڵی كوردی لەناوەوەو دەرەوە دەكەوێتەسەرشانیان , دیارە سەربەخۆبوون مەبەست لەوەنییە كە ماڵپەرێك كەسێك یان گروپێكی دیاریكراو كارەكان ڕادەپەڕێنێت, بەڵكو سەربەخۆ بوون زیاتر لەوەی كە ڕاگەیاندن وەك دیاردەیەكی باوی لای خۆمان نەبێتە دەسكەلای دەستی لایەنێكی دیاریكراو یان سەر بەحكومەت و لایەنێكی سیاسی دیاریكراونەبێت , دەنا ئەستەمە لەنێوان باش وخراپدا كەسێك بڵێت من سەربەخۆم وكارم بەكەسەوەنیەو هەقم نیە لەچواردەورم چی ڕوودەدات وئەركی ڕاگەیاندنیش لەئەستۆدەگرم , لێرەوەیە من دەمەوێت بڵێم ئەوئەركەی كەئەمرۆلەسەرشانی

ماڵپەڕەکوردیەکانە نابێت بەتەنهاکارو ئەرکی ئەوان بلاّوکردنەوەی ئەو نووسین وبابەتانەبێت کەبەگوێرە ولەدوای ڕووداوەکان پێیان دەگات , بەڵکو ڕاگەیاندنی سەربەخۆو تەندروست وکارا ئەوەیە کەخۆشیان ڕووداو لەنێو کۆمەڵەکەیان ولەوشوێنەکانی تر بەقازانجی ئازادی زیاترو سەربەستی گونجاوتردرووست بکەن، چونکە گەر وانەبێت ئەوا ماڵپەڕەکان دەبنە ئەوشوێنەی کەلەوێدا نووسەرەکان تەنها دەتوانن ویژدانی خۆیان ئاسودەبکەن و هەرچەند ڕۆژ جارێك بەشکڵی بەیاننامەو پرسەنووسین چەند دێرێك لەسەر ڕووداوەکان بلاّوبکەنەوەوماڵپەڕەکان بکەنە جێگەی تەسفیەحسابی تایبەتیخۆیان, زیانی ئەوکارە لەوجۆرەڕاگەیاندنەدا هەرئەوەنیە کەئێمەدەستمان ڕاناگات بەزۆرشت کەدەتوانین بیکەین وڕۆشنبیران دەکەونە دوای ڕووداوەکانەوە, بەڵکو لەوەش خراپتر ئەوەیەکەخوێنەرەکانیش وابار دەهێنرێن ئەوەندە لەمیدیاکان نزیك ببنەوە تەنها هەردێرەکان بخوێننەوەوهیچ ئەرکێك لەئەستۆی خۆیان نەگرن .ئەمەجگەلەوەی کەماڵپەڕەکوردیەکانیش لەئاواحاڵێکدا ناتوانن بەپاراستنی تایبەتمەندیانەوە دەست بەخاڵی هاوبەشی نێوانیانەوە بگرن وئەو هەڵەیە دووبارە دەکەنەوە کەحیزبەسیاسیەکانی کورد لەماوەی چەندساڵی ڕابردوودا گرتبوویانەبەر.

لەم ڕۆژانەی دوایدا ڕۆژنامەی عەکازی سعودیە لەسەر زاری جێگری مخابەرات(ئەمیرعەبدلعەزیز)ەوە ڕایگەیاند کەکەناڵی ئاسمانی جزیرە هانی کاری تیرۆریستی دەدات و بەوەتۆمەتباری کردن , کەبەنیشاندانی وێنەی ئەوتیرۆریستانەی کەدەستیان هەبووە لەتەقینەوەکانی ناوسعودیەدا درێژە بەوە دەدات کە بیرو کاری تیرۆریستی بەرهەم دەهێنێ هەروەها ئاماژەشی بەوەکردکە کەناڵی جزیرە لەپێش ڕووداوەکانی 11ی سبتێمبەرەوە دەستی هەیە لەهاندانی گروپەتووندڕەوەکان بۆکاری تیرۆریستی .

کەناڵی ئەلعەرەبیەش کە دوودیووی یەك سکەن لەگەڵ جزیرەدا لەسەرەتای تەقینەوەکانی هەولێردا ئاماژەی بەوەکرد کە ئەو تەقینەوانە وەلآمدانەوەیەکە بۆ داواکاری فیدراڵیەتی کوردی .

لێرەوەیە کە ماڵپەڕەکوردیەکان وڕۆشنبیرانی سەربەخۆ بەهەموو جیاوازیەکانیانەوە ئەو ئەرکەیان دەکەوێتەسەر شان ودەبێت لەئاست ئەو ئەرکەدابن کەخستوویانەتە سەرشانیان و لەبەرامبەر ڕاگەیاندنی چەواشەو ئاوەژوو کردنەوەی ڕاستی ڕووداوەکاندا بێ دەنگ نەبن , بەدەنگەوە هاتنێکیش بۆئەمڕۆ گرنگە کەبتوانن دەرەوەی خۆمانی لێ بەئاگا بهێنین و لەڕووی یاسایی ولۆژیك ویاسای ڕاگەیاندنی نێودەوڵەتیەوە داوای لێپێچینەوەبکەین دەرهەق بەهەر ڕاگەیاندنێك کەلەیاساکانی ڕۆژنامەوانیدا دەردەچێت, بۆنمونە ڕۆشنبیران دەتوانن ئیمزا کۆبکەنەوەو نامەی ناڕەزایەتی بدەنە ڕێکخراوەکانی سەربەڕۆژنامەنووسی جیهانی و کۆمەڵە مرۆڤدۆستەکان وئەوشوێنانەی کەبایەخ بەکاری ڕاگەیاندن دەدەن , ئەگەر بەقسەی ئەمیر ئەبدولعەزیزبێت کەنیشاندانی تیرۆریستەکان مایەی هاندانی کاری تیرۆریستی بێ ئەوا ئێمە دەیان بەڵگەمان لەبەر دەستدایە کەڕۆژانە ئەو دووکەناڵە بەئاشکرا پشتیوانی لەکاری تیرۆریستی دەکەن وسوکایەتی بەمافی میلەتێك دەکەن و بەبینەرانیان دەڵێن ئەو کوشت وبڕەی کە هەیە مقاوەمەتی داگیرکاریەو ڕەوایەتی هەیەو جێگەی پشتیوانیە چونکە یەکپارچەی عێراق دەپارێزێت , ئەوان لەکاتێکدا ئەوەدەڵێن کەزۆربەی کوژراوەکانی ناوتەقینەوەو ڕووداوەکان خەڵکی مەدەنی شارەکانن و بەسەدان منداڵیان تێدایە, لێرەوەیە پێشنیار دەکەم کەماڵپەڕەکان پێکەوە دەست بکەنە هەڵمەتی کۆکردنەوەی ئیمزا لەدژی چۆنیەتی ڕاگەیاندنی ئەو دووکەناڵە وکەسانی پسپۆڕ بانگەشەبکەن تابەزمانی عەرەبی وزمانەکانی تر لەو بارەوە ناڕەزایەتیەك بلآوبکەنەوە و ئەگەر کراش داوای یاسایی لەچەند شوێن تۆماربکەن لەسەر ئەوهەوڵ وهاندان ودەمتێکوتینەی کەشۆڤێنیزم لەپشتیەوە وەستاوەو کەناڵەکانی ئەلعەرەبیەوجزیرەش بوونەتە مینبەری .